حەماس بەفەرمی ڕازامەندی لەسەر پێشنیازی ئاگربەستی هەمیشەیی دەربڕی

بزووتنەوەی حەماس لەزامەندی لەسەر پڕۆژەیەکی قەتەری و میسری بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەگەڵ کەرتی غەززە نیشان دا.

ئەمڕۆ (دووشەممە 6ـی ئایاری 2024) بزووتنەوەی حەماس لەزامەندی لەسەر پڕۆژەیەکی قەتەری و میسری بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەگەڵ کەرتی غەززە نیشان دا، لەم بارەوە ئیسماعیل هەنیە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەکە هەڵوێستی خۆیانی بە قەتەر و میسر ڕاگەیاند.

بە گوێرەی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی حەماس، ئیسماعیل تەلەفۆنی لەگەڵ هەر یەك لە محەممەد عەبدولڕەحمان ئال سانی، سەرۆکوەزیرانی قەتەر و عەباس کامیل، بەڕێوەبەری هەواڵگری میسری کردووە و لەزامەندبوونی بزووتنەوەکەی پێ ڕاگەیاندوون.

هاوکات بزووتنەوەی حەماس ئاماژەی بەوەش کردووە، هەنیە تەلەفۆنی بۆ لەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا کردووە و سەبارەت بە هەڵوێستی بزووتنەوەکە قسەی لەگەڵ کردووە.

هاوکات تاهیر نونو، ڕاوێژکاری مەدیایی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی حەماس ئاماژەی

بەوە کردووە، ئاگربەستەکە سێ بگەی سەرەکی لە خۆ دەگرێت، ڕاگەیاندنی ئاگربەست، دووبارەئاوەدانکردنەوەی غەززە و گەڕانەوەی ئاوارەکان و ئازادکردنی دیل و زیندانییەکان.

گوتووشیەتی، بەم زووانە شاندێکی حەماس دەگاتە قاهیرە بۆ تاوتوێکردنی ئاگربەستەکە